

# تێگەیشتن لە نـابـــاوەڕی

## بێباوەڕ و نازانمگەراکان لە سەرانسەری جیهان

**ئەنجامە بەراییەکانی لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2019، لە بەڕازیل، چین، دانیمارک، ژاپۆن، بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.**

ستێفن بولیڤانت

مایکڵ فاریاس

جۆناتان لانمان

لۆیس لی

University of Kent

St Mary's University Twickenham London

QUEEN'S UNIVERSITY BELFAST

Coventry University

# ڕێکخـراوی ئاستانە

## بۆ هزر و گەشەپێدان

ئاگاداری دواین بەرهەم و بڵاوکراوەکانمان بن لە:

www.astane.org

facebook.com/AstanaOrg

instagram.com/astanaorg

twitter.com/AstanaOrganiza

t.me/astana11a

Astana - ئاستانە

ناونیشان: سلێمانی – تووی مەلیک – نزیک مزگەوتی عەلی کەمال

# سەبارەت بە نووسەران

پرۆفیسۆر «**ستێڤن بۆلیڤانت**» (هاوسەرۆکی - توێژینەوەکە (تێگەشتن لە ناباوەڕی) پرۆفیسۆری خوداناسی و کۆمەڵناسی ئایینییە لە زانکۆی سانت ماری، هەروەها بەڕێوەبەری ناوەندی (Benedict XVI) بۆ ئایین و کۆمەڵگە. خاوەنی چەندین کتێبە لەو بوارەکەیدا.

دکتۆر «**میگڵ فارياس**» (هاوسەرۆکی توێژینەوەکە - تێگەشتن لە ناباوەڕی) سەرۆکایەتی گروپی (مێشک، باوەڕ و ڕەفتار) دەکات لە زانکۆی کۆڤێنتری. پێشتریش مامۆستا بووە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و هەر لەوێش دکتۆراکەی لە بواری دەروون ناسی تاقیکاریدا بە دەستهێناوە. لە توێژینەوە سەرەکییەکانی: (ڕەگی دەروونی بێباوەڕەکان و کاریگەری کردارە ڕووحییەکان).

دکتۆر «**جۆناثان لانمان**» (هاوسەرۆکی توێژینەوە - تێگەشتن لە ناباوەڕی) یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگای کلتور و ڕۆشنبیری. مامۆستای ئەنترۆپۆلۆجیی (مرۆڤناسی)یە لە زانکۆی کوین بێڵفاست.سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نێودەوڵەتییە بۆ زانستە مەعریفییەکانی ئایین. پێشتریش وەکوو سەرۆک بەش و مامۆستای کۆلێژ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خزمەتی کردووە، هەر لەوێش دکتۆراکەی لە بواری (مەعریفەتی مرۆڤناسی ناباوەڕی) تەواوکردووە. ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بۆ سود وەرگرتن بوو لە ئامرازەکانی ئەنترۆپۆلۆجیای عەقڵی و کۆمەڵایەتی بۆ تاقیکردنەوەی ئایین، ناباوەڕی، ڕەوشت و گروپە داینامیکییەکان.

دکتۆر «**لویس لی**» یەکێکە لە توێژەرە بەئەزموونەکانی خوێندنی ئایینی لە زانکۆی کێنت و لێکۆڵەری سەرەکییە لە پرۆگرامی (تێگەشتن لە ناباوەڕی). لە کتێبەکانی، ناسینەوەی لادینەکان: بیرکردنەوەی عالەمانییەکان (OUP, 2015)، فەرهەنگی ناباوەڕی ئۆکسفۆرد (لەکەڵ ستێڤن بۆلیڤانت؛ OUP, 2016)، کۆکراوە هاوبەشەکانی عالەمانییەت و ناباوەڕان (Routledge, 2013)، مشتوومڕی ئایین: چەند تێڕوانینێکی کرداری (Routledge, 2017). دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری دەزگای لێکۆڵینەوەی نائایینی و سیکۆلارییە (NSRN)، یەکێکە لە نوسەرانی سیکۆلاریزم و ناباوەڕی وە زنجیرە کتێبی (De Gruyter-NSRN)، ئایین و ئەوانی تر: توێژینەوە لە ئایین، ناباوەڕی و عالەمانییەت.

# ناوەڕۆک:


پێشەکی ... 5

تێبینی لەسەر دەستەواژەکان ... 7

١. ناباوەڕی، ناسنامە و ئایین ... 9

٢. (بێ) باوەڕی، زانست و سروشتگەرایی ... 14

٣. بەهاکانی بێباوەڕی ... 21

# پێشەکی



ئەم ڕاپۆرتە بابەتی بەدەستهاتووە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەیەکەوە سەبارەت بە "تێگەیشتن لە ناباوەڕی" (2017-2020). تێگەیشتن لە ناباوەڕی: لە سەرووی دیسپلین و کلتورێکی دیارکراوەوە، دەیەوێت نەخشەی سروشت و هەمەچەشنی دیاردەیەکی کۆن بکێشێت -سەرەڕای گرفت و نارەزایی- بە "ناباوەڕی" ناونراوە لە سەرجەم شوێنە جیاوازەکاندا.

ئەم پرۆژە چەند ساڵییە کاریگەر بووە بە گەشەی مەیلی خەڵک و ڕۆشنبیران و میدیا لە بابەتی ناباوەڕییدا و ئەیثیزم و سیکۆلاریزم. هاوشانی پەرەسەندنی نائایینی بوون و بێباوەڕی لە چەندین وڵاتدا. ئەم درەوشانەوەی چالاکوانە بێ باوەڕەکان و کلتوری دوور لە ئایین وەکوو "ئیلحادی نوێ" و دیبەیتە بەپەلەکان دەربارەی بارودۆخ و مافی بێباوەڕەکان، نازانمگەرا، مرۆڤگەرا و گروپە هاوشێوەکانیان. لەکاتێکدا کە لە دەیەیی ڕابردوودا، توێژینەوەکان لەسەر ئەم بابەتانە زۆر فراوان بوون. جێی باسەکە تۆڕی توێژینەوە لە ناباوەڕی و سیکۆلاریزم (NSRN) بەردەوام تیشکی خستۆتەسەر گروپێکی بەرتەسک لە "ژینگەی ناباوەڕیدا" وە تیشکێکی زۆری خستۆتەسەر ناوچەی باکوری ئەتڵەسی. ئەمەش تووشی چەندین پرسیاری بێ وەڵامان دەکات:

- تا چی ڕادەیەک باوەڕ نەبوون بە خودا هەماهەنگە لەگەڵ باوەڕ نەبوون بە دیاردەکانی تری ئەودیوی سروشتەوە(میتافیزیک)؟
- ئەو جۆرە کەسانە چ چەشنێک لە جیهان بینییان هەیە؟
- ناباوەڕ چۆن پەیوەست دەکرێت بە پێناس، مەبەست و بەهای ئایینی یاخود عالەمانییەوە؟
- ناباوەڕی لە دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا یاخود لە نێو گروپە کەمینەکانی ئەو وڵاتانە چۆن دەبیندرێت؟
- خەڵکی وڵات و باگراوندە ئایینی و گروپە دیمۆگرافییە -کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان چۆن لە چەمکی 'خودا'، 'ئایین' و 'ناباوەڕی' تێگەشتوون- ئەو چەمکانەی کە لە ڕاپرسییە نێو دەوڵەتییەکاندا بەکار دەهێندرێن-؟

پرۆگرامی (تێگەشتن لە ناباوەڕی) لەلایەن چەند تیمێکی ڕاهێنانی هاوبەشەوە ڕابەری دەکرێت کە کۆمەڵێک پرسیار لە لایەنی کۆمەڵناسی و ئەنثرۆپۆلۆجی و دەروونی دەخاتەڕوو. بەشێوازێکی زۆر سیستماتیک و گشتگیرانەتر لەوەی کە تا ئێستا هەوڵی بۆ دراوە. شێوازە گشتگیرەکەمان چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو (بۆ هەر 30 وڵاتەکە  لە سێ هەرێمی جیاوازدا بۆ هەر یەکێکیان) پەیوەست دەکات بە چەمکە بەسراو و ڕاپرسی نوێنەری نەتەوەی، لە شەش وڵات کە لە ڕووی جوگرافی و کەلتوری و زمان و سیاسەت و ئایینەوە لە یەکدی جودان. ئەوانیش: بەڕازیل، چین، دانیمارک، ژاپۆن، بەریتانیا و ئەمریکا. ئەمە دەسکراوەمان دەکات لەوەی کە پرسیاری زۆر وردتتر بکەین. ڕاپرسییە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕۆچوون لە جیاوازییە وردەکانی ئەو بابەتانە دیزاین نەکراون.

ئەم ڕاپۆرتە یەکەم چاپە کە بەشێک لە دۆزینەوە کاتییەکانمان دەخاتەڕوو. سەرجەم شیکردنەوەکان بە گوێرەی ڕاپرسییەکان بوون، کە لە مانگی نیسان و مایسی ساڵی 2019دا بە ئەنجام گەیەندراون. لەگەڵ نوێنەری هەردوو 'ناباوەڕان' (ناباوەڕان و نازانمگەراکان- کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدراوە) و بۆ مەبەستی بەراوردکاری- لەگەڵ خەڵکی ئاسایی لە هەر شەش وڵاتەکەماندا.

## تێبینی لەسەر دەستەواژەکان

### (ناباوەڕی) و (بێباوەڕ) و (نازانمگەرا: واتە کەسێک کە نازانێت ئایا خودا هەیە یاخود نا.)

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی ناباوەڕی (bullivant and lee 2016) (unbelief) بەمشێوەیە کراوە: حاڵەتی نەبوونی باوەڕە (بەتایبەت باوەڕی ئایینی). زۆربەی جار وشەی ناباوەڕی( (unbelief) بە مانا فراوانەکەی بەکاردێت کە مەبەست لێی نەبوون یاخود کەمییێکی گشتییە لە باوەڕبوون بە خودا یان خوداکان. بەشێوەیەکی سەرەکیش لەگەڵ وشە هاوشێوە و هاوڕەگەکانی بەکاردێت وەکوو (unbelievers = بێباوەڕان) و (unbelieving = بێباوەڕبوون) وەکوو دەستەواژەیەکی کورت و گونجاو، وە زۆر لە ماناکانی هەردوو وشەی (atheism = بێباوەڕ) و (agnosticism = گومان لە بوونی خودا) لەخۆدەگرێت.

بەشێوەیەکی وردتر لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە و ئەو شێوازەی کە ئەم توێژینەوەیەی لەسەر دەکرێت، ئەو کەسانە لە خانەی ناباوەڕاندا (unbelievers) دادەنێین کە وەڵامی ژمارە یەک واتە بێباوەڕ (atheists) یان وەڵامی ژمارە دوو واتە گوماندار (agnostics) هەڵدەبژێرن بۆ ئەم پرسیارەی سەرژمێری کۆمەڵایەتی کە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت، (واتە هەردوو گروپی کەسانی بێباوەر و نازانمگەرا لە ژێر چەتری ناباوەڕیدا کۆدەکرێنەوە).

### کام لەمانە نزیکترین دیارخەری بیروباوەڕتە دەربارەی خودا؟

١ـ باوەڕم بە خودا نییە (بێباوەڕ=atheists) .

٢ـ نازانم خودا هەیە یان نا، پێموانییە ڕێگەیەک هەبێت تا بزانین (نازانمگەرا = agnostics).

٣ـ باوەڕم بەخودایەکی دیاریکراو نییە بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان هێزێکی سەرووتر (بان سروشتی) هەیە.

٤ـ هەندێک کات باوەڕم بەخوا هەیە بەڵام هەندێک کاتی تر نا.

٥ـ هەرچەندە گومانم هەیە بەڵام هەندێکجار باوەڕم بە خوا هەیە.

٦ـ دڵنییام لەوەی خودا هەیە و هیچ گومانم لە بوونی نییە.

٧ـ نازانم.

## 'خودا'

هەرچەندە  دەستەواژەی 'خودا' چەمکێکی باوە لە بەڕازیل و دانیمارک و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بەڵام ئەم چەمکە کەمتر لە چین و ژاپۆندا باوە و پەیوەستە بە ژیانی تاکەوە. لە بەکارهێنانی ئەو چەمکانەی کە بۆ خودا بەکارهێنراون لە چین و ژاپۆن، بۆ ڕاپرسی (ADAC) سوودمان لە ڕاپرسی (world values Survey)  وەرگرتووە  بۆ دیاریکردنی  بێباوەڕ و گوماندارەکان.

## China (چین)

佛祖、真主, 上帝 或者神明

Fózǔ, zhēnzhǔ, shàngdì huòzhě shénmíng

Buddha (بودا) Allah (الله), God (خودا), or Spiritual phenomena (ڕۆح )

## Japan (ژاپۆن)

神

Kami


دەستەواژەیەکی کۆنی ژاپۆنییە کە خوایەک یان ڕۆحێکی پیرۆز دەستنیشان دەکات.

# ١. ناباوەڕی، ناسنامە و ئایین

**١.١_ هاوپەیوەندیی هاوچەرخی ئایینی بێباوەڕان / نازانمگەراکان.**

(پ: ئایا خۆت بە بەشێک لە ئایینێکی دیاریکراو دەزانیت؟ ئەگەر بەڵێ، کامەیان؟)

بە ڕێژەی سەدی نیشاندراون




لەمێژە زانراوە کە هەڵبژاردنی "نەخێر" مانای ئەوەیە هەموو ئەوانەی کە خۆیان بە (بێ ئایین) دادەنێن لە ڕاپرسییەکاندا، لە ڕاستیدا (بێباوەڕ و نازانمگەرا)ەکانن، هەروەکوو لەسەرەوە دەبینین. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە چونکە هەموو بێباوەڕ و نازانمگەرایەکیش خۆیان بە (بێ ئایین) ناناسێنن.

لەو شەش وڵاتەی ڕاپرسییەکەمان تێداکردووە لەنێوان ٪٦٣ (دانیمارک) و ٪٨٥ (چین) بێباوەڕەکان وەڵامەکەیان (بێ ئایین)ە بۆ ئەو پرسیارە بەرفراوانەی کە لەسەر لایەنگیری ئایینی کردوومانە. لە هەموو وڵاتەکان کەمینەیەکی دیاریکراو لایەنێکی ئایینیان هەڵبژاردووە ئەویش مەسیحییەتە کە زۆرترینیانە. لە بەڕازیل بە ڕێژەی ٪١٨ و چین ٪٧ و دانیمارک ٪٢٨ و شانشینی یەکگرتوو ٪١٥ و ویلایەتە یەکگرتووەکان ٪١٢ . بوزییەت بەربڵاترینە لە ژاپۆن بە ڕێژەی ٪٨.

## ١.٢_ ئەو ئاینەی لە ژینگەی پەروەردەکردنی بێباوەڕان/ نازانمگەراکاندا هەبووە، لە هەر یەک لەو وڵاتانەدا


پرسیار: لەسەر چ ئایینێک (ئەگەر ئایینێک هەیە) پەروەردە کراویت؟

بێجگە لە بێباوەڕان و نازانمگەراکانی چین و ژاپۆن، زۆربەی بێباوەڕان و نازانمگەراکان لەو وڵاتانەدا دەڵێن لە باکگراوند و کلتورێکی ئایینیدا پەروەردەکراون. چوار کەس لە کۆی پێنج بەڕازیلی بێباوەڕن و سێ کەس لە کۆی پێنج دانیمارکی و ئەمریکی بێباوەڕن. نیوەی هەموو بێباوەڕەکانی شانشینی یەکگرتوو دەڵێن لە باکگراوند و کلتورێکی مەسیحییدا پەروەردە کراون.

ئایینەکانی تریش بێ بەش نین لەمە. ئەوەی جێگای سەرنجە ٨٪ـی بێباوەڕەکانی ئەمریکا بە جوولەکەیی پەروەردەکراون، ١٣٪ـی ژاپۆن بە بوزییێتی پەروەردەکراون و ٤٪ـی چینیش بە موسڵمانێتی.

بەپێچەوانەوە، پەروەردەی نائایینی بەسەر بێباوەڕەکانی کۆمەڵگەی چینی بەڕێژەی ٨٢٪، ژاپۆنی بەڕێژەی ٧٠٪دا زاڵە. بەڵام لەنێو بێباوەڕەکانی وڵاتانی وەکوو بەریتانیا پەروەردەی نائایینیی بەڕێژەی ٤٢٪ و دانیمارک ٣٢٪ و ویلایەتە یەکگرتووەکان ٢٦٪ و بەڕازیل ١٥٪ زالە.

به ڕێژەی سەدی نیشاندراون




## ١.٣_ ئەو ناسنامە نائایینیەی کە دڵخوازە لەلای بێباوەڕان و نازانمگەراکانەوە لە هەر وڵاتێک دا

پرسیار: ئەمانە چەند نموونەیەکن لەوەی کە چۆن ئەو کەسانەی بڕوایان بە خودا یان فرەخودایی نییە پێناسەی خۆیان دەکەن، ئەگەر یەکێک لەمانە هەڵبژێریت، کام لەمانە نزیکترینە لە پیناسی تۆوە؟

وێنەی داتای نازانمگەراکان:

بە ڕێژەی سەدی نیشاندراون




هەروەکوو پێشتر لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەمان پێیدا (سەیری بەشی تێبینی لەسەر دەستەواژەکان بکە) ئەم ڕاپۆرتە دەستەواژەی 'بێباوەڕ' و 'نازانمگەرا' بەکاردەهێنین بۆ ناساندنی ئەوانەی کە دەڵێن :

١. باوەڕم بە خودا نییە.
٢. نازانم خودا هەیە یان نا، پێموانییە ڕێگەیەک هەبێت تا بزانین.


بۆ ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: کام لەمانە نزیکترینە لە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕت دەربارەی خودا؟ ئێمە 'بێباوەڕان' بەکاردەهێنین بۆ ئاماژە کردن بە بێباوەڕ و نازانمگەراکان پێکەوە.

هەروەکوو لە توێژینەوەکانی پێشووتر دەرکەوتووە، زۆر کەس کە لە بێباوەڕەکانن یان نازانمگەرایەکانن خۆیان دەپارێزن لەوەی بەو دەستەواژانە خۆیان بناسێنن. (زۆر هۆکار هەن بۆ ئەمە کە لەم توێژینەوەیە زیاتر جەختیان لەسەر دەکەینەوە و ڕوونتریان دەکەینەوە).

داتاکانمان زۆر جەخت لەو بابەتە دەکەنەوە کە لە هیچ یەکێک لەو وڵاتانە ناسنامە و نازناوی 'بێباوەڕ' و 'نازانمگەرا' نازناوێکی دڵخواز نییە بۆ بێباوەڕەکان و نازانمگەراکان. ئەو وڵاتەی کە بەرزترین ڕێژەی بێباوەڕی تێدایە کە خۆیان بە 'بێباوەڕ' دەناسێنن ئەمریکایە بەڕێژەی ٣٩٪ , لە دانیمارک ١٩٪. ئەمە لەکاتێکدا کە نازانمگەراکان لە بەڕازیل ٢٧٪ خۆیان بە 'نازانمگەرا' دەناسێنن بە بەراورد بە ژاپۆن کە ٢٪ـە.

وێنەی داتای بێباوەڕان

بە ڕێژەی سەدی نیشاندراون



هەم لەناو ئەو شەش وڵاتە هەمەچەشنەدا هەم لە دەرەوەی ئەو وڵاتانەش، فرەجۆرییەکی زۆر هەیە لەو پێناسانەی کە بێباوەڕان دەیانەوێت خۆیانی پێ بناسێنن. لەناو هەموو هەڵبژاردەکان ئەم پێناسانە سەرنجی زیاتر لە چارەکێکی هەموو بێباوەڕەکانی ئەو وڵاتانەیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە: بێباوەڕ (لە بەڕازیل و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و دانیمارک و ژاپۆن)، نائایینی (لەناو بێباوەڕەکانی دانیمارک، ژاپۆن و ولاتە یەکگرتووەکان، لەگەڵ نازانمگەراکانی ئەمریکا و ژاپۆن)، و نازانمگەرا (لەناو نازامگەراکانی شانشینی یەکگرتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن).

نازناو و دەستەواژەکانی تر کە گرنگییەکی مێژوویشیان هەیە، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتربوونەتەوە. تەنها بێباوەڕە چینییەکان نەبێت کە ڕێژەیان ١٧٪یە، لە هەریەک لەم وڵاتانە لە نێوان بێباوەڕەکان و نازانمگەراکان لە هەر ١٠ کەسێک کەمتر لە ١ کەس نازناوی (مرۆڤدۆست)یان بەلاوە دڵخوازبووە. (هەروەها سەیری sceptic و secular بکە).

لە هەموو ئەم وڵاتانە ژمارەیەکی کەم بەڵام گرنگ لە بێباوەڕان (بەتایبەتی) نازانمگەراکان خۆیان بە نازناوێکی ئایینی ناساندووە. ئەمەش ١٢٪ بێباوەڕەکانی بەڕازیل و تەواوی ١٧٪ەکە لە نازانمگەراکانی دانیمارک دەگرێتەوە.

ئەمانە هەمووی گرنگن لەبەر دوو هۆکار:

یەکەمیان: مانای ئەوەیە توێژینەوە کۆمەڵایەتییە زانستییەکان تەنها سەرنج دەخەنە سەر ئەو بێباوەڕ و نازانمگەرایانەی کە پێناسی خودییان بەوجۆرەیە: بۆ نموونە، کە لەم جۆرە ڕاپرسییە هەڵبژاردنی "هیتر (تکایە دیاری بکە)"ـی تێدایە تەنها مەبەستی کۆمەڵەیەکی بچووک و لاوەکییە لە بێباوەڕو نازانمگەراکان.

دووەمیان: جەخت لەو خاڵە دەکاتەوە کە تەنها یەک دەستەواژە یان چەند دەستەواژەیەک نییە تا ئەو جۆرە کەسانە بتوانن بە ڕوونی خۆیانی پێ پێناسە بکەن. هەر لە پێشەکییەکەشدا ئەوەشمان خستتوەتەڕوو کە بۆ هەردوو دەستەواژەی (بێباوەڕی) و (بێباوەڕان) هیچ جێگرەوەیەکی خود-ڕوونکەرەوەیی شایستە نییە کە لەجیاتی ئەمانە دابنرێن و پێی بناسرێن.

## ٢. (بێ) باوەڕی، زانست و سروشتگەرایی

**٢.١_ ئەم گروپە جودایانە ئەوە دەنوێنێنن کە بەژداربووان تا چەند هاوڕان لەگەڵ ڕستەی (زۆر متمانەم بەوەیە کە بیروباوەڕی من دەربارەی بوونی خودا ڕاستە).**

ژمارەکانیش بریتین لە :

- بەهیچ شێوەیەک هاوڕانیم = 2-
- تا ڕادەیەک هاوڕانیم = 1-
- نە هاوڕام و نە هاوڕانیم = 0
- تا ڕادەیەک هاوڕام = 1
- زۆر هاوڕام = 2





لە ژمارە 2- کە (بەهیچ شێوەیەک هاوڕانیم)، تا دەگات بە ژمارە 2 کە بریتییە لە (زۆر هاوڕام)، هەردووکیانمان تاقی کردەوە تا هاوڕایی بەژداربووان بپێوین لەگەڵ ئەو ڕستەیەدا (زۆر متمانەم بەوەیە کە بیرو باوەڕی من دەربارەی بوونی خودا ڕاستە).

ئەمەش چەند ئەنجامێکی سەرنجڕاکێشی پێداین:


یەکەم: وادیارە نازانمگەراکان کەمترین متمانەیان بەم تێڕوانینەی خۆیان هەیە کە ڕێژەیان دەکاتە (0.21 – لە ژاپۆن و0.13ـ لە شانشینی یەکگرتوو). لەوانەیە ئەمە مایەی سەرسوڕمان نەبێت چونکە هەروەکوو دەزانین 'نەبوونی دڵنیایی و نەزانین' لە هەرە تایبەتمەندییەکان و سیفاتە سەرەکییەکانی نازانمگەراکانە.

دووەمیان: پێچەوانەی ئەو گریمانانە بوون کە لێیان پێشبینی دەکرا. بێباوەڕبوون مانای هەبوونی ئاستێکی بەرزی متمانە بەخۆبوون و دڵنیابوون نییە لە تێڕوانینی کەسە بێباوەڕەکە. لە هەر  شەش وڵاتەکەدا بێباوەڕەکان تا ئاستێک متمانەیان هەبوو بە بیروباوەڕیان سەبارەت بە هەبوونی خودا، بەڵام ڕێژەیان بەبەراورد بە ڕێژەی کەسانی ئاسایی ئەم وڵاتانە کەمە. لە (چین و بەڕازیل) بە بەراورد بەڕێژەی دانیشتووانەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بوو. لە (دانیمارک و ژاپۆن و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان) بە بەراورد بە ڕێژەی کەسانی ئاسایی تا ڕادەیەک یەکسانن، بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو ڕێژە بەرزەی متمانە کە بێباوەڕە ئەمریکییەکان هەیانە سەبارەت بە نەبوونی خودا تا ئاستێک یەکسانە بە بیروباوەڕی ئاییندارە ئەمریکییەکان بەگشتی دەربارەی هەبوونی خودا. بەگشتی لە نێوان بێباوەڕە ئەمریکییەکاندا ٤٥٪یان (زۆر هاوڕا)بوون و ٢٠٪یشیان (بەجۆرێک هاوڕا)بوون لەگەڵ ئەو پرسیارەمان کە دەڵێت : (زۆر متمانەم بەوەیە کە بیروباوەڕی من دەربارەی بوونی خودا ڕاستە)، و لەنێو خەڵکیشدا بە گشتی ئەو دوو وەڵامە ڕێژەی ٤٤٪ و ٢٤٪یان بەرکەوتووە.


### ٢.٢_ ڕێژەی بێباوەڕ و نازانمگەراکان و کەسانی ئاسایی کە (زۆر هاوڕا)ن یانیش (بەجۆرێک هاوڕا)ن سەبارەت بە هەبوونی بوونەوەر و دیاردەی سەروسروشتی



## ٢) نازانمگەرا




## ٣) خەڵکی ئاسایی



لە کاتێکدا وشەی 'باوەڕ' یان 'بێباوەڕ' لەو بابەتانەیە کە پەیوەستە بە خودا یان خوداکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان باوەڕیان بە بوونی کۆمەڵێک دیاردە و بوونەوەری سەروسروشت هەیە. بۆ ئەوەی باوەڕت بە خودا نەبێ پێویست ناکات بە هەموو شتەکانی تریش بێباوەڕ بی. لەسەر ئەم بنەمایە هەستاین بە توێژینەوە کە تا چەند بێباوەڕەکان هاوڕان لەسەر ئەگەری هەبوونی ئەم هێز و دیاردە سەروسروشتیانە (بۆ نموونە ئامرازێک یان شتێکی کە هێزێکی نادیاری هەبێت بۆ چاککردنەوەی خەڵک و شیفادانیان) یاخود باوەڕیان بە ڕاستێتی ئەم دیاردەیە هەیە (وەکوو ئەستێرەناسی و خوێندنەوەی بورجەکان).

بەگشتی لەهەموو وڵاتەکاندا، بێباوەڕەکان کەمترین ئاستی باوەڕبوونیان بەم بابەتە سەروسروشتیانەیان نیشانداوە، نازانمگەراکانیش تۆزێک ئاستێکی بەرزتریان نیشانداوە. لەنێو خەڵکیش بەگشتی ئەم بیروباوەڕانە باو و بەربڵاون.


لەکاتێکدا جیاوازی گەورە و زۆر هەیە لە نێوان و لەناو خودی وڵاتەکاندا لەوەی کە ئاخۆ بێباوەڕەکان (زۆرترین / کەمترین باوەڕیان) بە کام دیاردەی سەروسروشتی هەیە، چەند خاڵێک دەردەکەون:

یەکەمیان: ئەو بیروباوەڕانەی وەکوو 'هێزێکی نادیاری باشە و خراپە' بوونی هەیە، یاخود بڕوای وەک 'جیهانگیری ڕۆح و هەبوونی هێزی ژیان' یاخود 'دەبێت هۆکارێک هەبێت بۆ ڕوودانی گرنگترین ڕووداوەکانی ژیان' بە بەربڵاوی لە نێو بێباوەڕەکانی جیهاندا دەردەکەوێت.

دووەم: لە نێوان ئەو بێباوەڕانەی کە مەیل و باوەڕیان بە هێز و دیاردەی سەروسروشت هەیە، ژاپۆنییەکان کەمترینن و بەڕازیلی و چینییەکانیش زۆرترینن. لەهەمان کاتدا مایەی سەرنجە کە نازانمگەرا چینییەکان لە هەموو وڵاتەکانی تر زیاتر باوەڕیان بە بابەتی سەروسروشتی هەیە.

## ٢.٣_ ڕێژەی ئەو بێباوەڕ و نازانمگەرایانەی کە سروشتگەران (واتا لەوانەن کە 'بەهیچ شێوەیەک' یان 'بەجۆرێک' هاوڕانین لەگەڵ ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندیان بە بوونی 'بوونەوەر یان دیاردەی سەروسروشتی' هەیە)

بە ڕێژەی سەدی نیشاندراون




لە کاتێکدا وێنەی 2.2 ڕێژەی ئەو بێباوەڕانە نیشاندەدات کە باوەڕیان بە خوا نییە، بەڵام باوەڕیان بە بوونەوەر یان دیاردەیەکی سەروسروشتی هەیە، لەهەمان کاتدا ئەوانەش هەن کە بەهیچ شێوەیەک باوەڕیان بە هیچ دیاردەیەکی سەروسروشتی نییە. لێرەدا ڕێژەی ئەو بێباوەڕانەتان نیشان دەدەین کە بەتەواوی سروشتگەران.


بۆ مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە، بەردەوام وەڵامە نێگەتیڤەکان بەکاردێنین بۆ هەموو دیاردە سەروسروشتییەکان وەکوو بریکاری بیری سروشتگەرایی.

هەروەکوو لەسەرەوە ڕوون کراوەتەوە، لە هیچ کام لەو شەش وڵاتەی کە ڕاپرسییەکەی تێداکراوە ڕێژەی ئەو بێباوەڕانەی کە دەکرێت وەکوو سروشتگەرا دابنرێن نزیک نابێتەوە لە ٥٠٪. تەنانەت لە نێوان بێباوەڕە ئەمریکییەکانیش کە زۆرترین گروپ و کۆمەڵە سروشتگەراکان لێرەبوون لە نێو هەر شەش وڵاتەکەدا کە ڕاپرسییەکەی تێدا ئەنجامدرا، تەنها ١ لەسەر ٣ ڕێژەکەیان تێڕوانینێکی تەواو سروشتگەرایانەیان هەیە بۆ جیهان لە هەمان کاتدا لەنێو بێباوەڕە چینییەکان کەمتر لە ١ کەس لە نێوان ١٠ کەس ئەم تێڕوانینەی هەیە.

هەروەکوو دەکرێت کەسێک لەو هێلکارییانەی سەرەوەدا بۆی دەرکەوێت، نازانمگەراکان کەمتر سروشتگەران بە بەراورد بە بێباوەڕەکان. لەهیچ کام لەم وڵاتانە لە ١ کەس لەنێوان ١٠ کەس زیاتر بە سروشتگەرا لەقەڵەم نادرێن، تەنانەت لە چین دەتوانین بڵێین ١ کەس لە نێوان ٥٠ کەسن.

### ٢.٤_ ڕێژەی ئەو بێباوەڕ و نازانمگەرایانە (یان پێکەوە) و ڕێژەی خەڵکی ئاسایی کە 'زۆر هاوڕا'ـن یان 'بەجۆرێک هاوڕا'ـن لەگەڵ ئەوەی کە 'گەردوون بەتەواوی بێ مانا و بێ ئامانجە'

بە ڕێژەی سەدی نیشاندراون




بۆ چەندین سەدە، چەندین گفتوگۆی زانستی و جەماوەری گەورە هەبووە دەربارەی کاریگەرییە فراوانەکەی "باوەڕنەبوون بە خودا" کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بۆ نموونە، ئەوانەی کە باوەڕیان بە بوونی خودا نییە گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە ئەم گەردوونە هیچ مەبەست و ئامانجێکی ڕەهای نییە.

هەرچەندە ئەمە تەنها وەکوو بیردۆزێک مشتومڕی لەسەر دەکرێت، بەڵام بێباوەڕان وەکوو بابەتێکی ڕاستیی کرداریی بڕوایان وایە ئەم گەردوونە "بەتەواوی بێ ئامانجە."


هەرچەندە وەڵامەکان بە گوێرەی وڵاتەکان جیاوازن، بەڵام دوو خاڵ جێی سەرنجن:

یەکەمیان: لەهیچ کام لەم وڵاتانە ڕێژەی هاوڕابوون و دووپاتکردنەوەی ئەوەی گەردوون بێ مانا و بێ ئامانجە لەنێو بێباوەڕان و خەڵکی ئاساییدا ناگات بە ٥٠٪.

تەنها بەڕازیل نەبێت کە بە ڕێژەی ٤٧٪ ئەم تێڕوانینەیان هەیە. لە هەر وڵاتێکی تر لەو شەش وڵاتانە تەنها یەک لەسەر سێی بێباوەڕەکان گەردوون بە بێ ئامانج و بێ مانا دەزانن. لەگەڵ ئەوەی  بێباوەڕان خۆیان دان بەوە دادەنێن کە ئەوان زیاتر ئەگەری هەڵگرتنی ئەو تێڕوانین و بیروبۆچوونەیان هەیە بۆ گەردوون بە بەراورد بە خەڵکانی ئاسایی. ئەوەی جێی سەرنجە لە ژاپۆن شتەکە بەم جۆرە نییە!

## ٢.٥_ ڕێژەی بێباوەڕ یان نازانمگەرا (یان پێکەوە) و ڕێژەی خەڵکی ئاسایی کە (زۆر هاوڕا)ـن یان (بەجۆرێک هاوڕا)ـن لەگەڵ ئەم بڕگە دیاریکراوە زانستییانە

بە ڕێژەی سەدی نیشاندراون





زۆربەی جار ئەو گفتوگۆیانەی کە دەربارەی بێباوەڕی دەکرێت گفتوگۆی "زانست" بەرانبەر "ئایینە". لێرەدا مەبەستمان تاقیکردنەوەی بێباوەڕ و نازانمگەراکانە کە تا چ ڕادەیەک پاڵپشتی ڕوونکردنەوەی زانستیی دەربارەی بنەڕەت و بنەچەی مرۆڤ و هەروەها دانانی زانست بە تاکە ڕێگای گەیشتن بە مەعریفە دەکەن.

داتاکان وانیشان دەدەن کە جیاوازی هەیە لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (چین و ژاپۆن) و وڵاتانی تر (بەڕازیل، دانیمارک، بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا). لە هەردوو وڵاتی (چین و ژاپۆن) ڕێژەی خەڵکی ئاسایی و ئەو بێباوەڕانەی کە پێیانوایە زانست تاکە ڕێگەی متمانەپێکراوە بۆ گەیشتن بە مەعریفە نزیکی یەکسانە. بەپێچەوانەوە، ڕێژەی بێباوەڕەکانی (بەڕازیل و دانیمارک و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان) کە باوەڕیان بەمە هەیە بەرزترە بە بەراورد بە ڕێژەی خەڵکی ئاسایی. جگە لەوەش لە هەردوو وڵاتانی (چین و ژاپۆن) خەڵکی ئاسایی زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە پاڵپشتی بیردۆزی پەرەسەندن بکەن وەک لە ڕێژە بچووکەکەی بێباوەڕانی ئەم دوو وڵاتە، بەڵام ئەم پەیوەندییە پێچەوانەیە لەوڵاتانی (بەڕازیل و دانیمارک و شانشینی یەکگرتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکان).

لەگەڵ ئەوەی ئەم ژمارانە ئاماژە بەڕەوتێکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایی یەکگرتوو دەکەن، گرنگە تێبینی ئەو جیاوازییە گەورەیە بکەین لە نێوان چین و ژاپۆن کە لەسەر زانست هەیانە. ٧ بەژداربوو لەکۆی هەر ١٠ بەژداربووێکی چینی هاوڕان لەسەرئەوەی زانست تاکە ڕێگای متمانەپێکراوە بۆ گەیشتن بە ڕاستی بە بەراورد لەگەڵ ژاپۆن کە لەکۆی هەر ١٠ بەژداربووێک ٣ بەژداربوو باوەڕی بە زانست هەیە.

## ٣. بەهاکانی بێباوەڕی

**٣.١_ ڕێژەی بێباوەڕ و نازانمگەرا و ڕێژەی خەڵکی ئاسایی کە 'زۆر هاوڕا' یانیش 'بەجۆرێک هاوڕا'ـن لەگەڵ ئەم تێڕوانینە جیهانییە دیاریکراوانە:**



دەکرێت ئەو بەڵگانەی کە زۆرترین مشومڕیان لەسەرە دەربارەی بوونی خودا، ئەوانە بن کە پەیوەستن بە ڕەوشت و بەهاکانەوە. سەبارەت بە ڕەوشتی ڕێژەیی و ڕەوشتی بابەتی، داوامان لە بەژداربووان کرد کە ڕێژەی هاوڕایی خۆیان لەگەڵ ئەم بڕگەیە دەرببڕن کە دەڵێت " ڕاستی و دروستی شتەکان دەگەڕێتەوە  بۆ بڕیاری کەسەکە خۆی".

بە پێی ئەنجامە بە دەست هاتووەکان جیاوازییەکی گەورە نییە لە نێوان تێروانینی خەڵکی ئاسایی و بێباوەڕەکان بۆ ئەو بابەتە. ڕێژەی هاوڕایی لەگەڵ ئەم بڕگەیە گەیشت بە ٤١٪ لە خەڵکی ئاسای لە وڵاتی چین، تا ٦١٪ لە بەڕازیل. هەروەها بێباوەڕەکانی (چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان) بە ئاشکرا پشتیگیری لەو بۆچوونە دەکەن، بەڵام زۆرینەی ئەوانەی پاڵشتی ئەم بۆچوونەن لە (دانیمارک و بەڕازیل و ژاپۆن و شانشینی یەکگرتوو). بریتین لە خەڵکی ئاسایی.

لەبابەتی کەرامەت و شکۆی مرۆیی و هەبوونی مافی مرۆیی یەکسان بۆ هەمووان، بێگومان ئاساییانە بێباوەڕان کەمتر هاوڕادەبن لەگەڵ ئەمە وەک لە خەڵکانی ئاسایی، بەڵام  ڕێژەکە لە دانیمارک و ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیکەی یەکسانە و وەکوو یەکە و جەختکردنەوە لە شکۆ و کەرامەتی مرۆیی و مافی مرۆڤ مەوقیفی زۆربەی بێباوەڕەکانە لەو وڵاتانەی کە ڕاپرسییەکەی تێدا کراوە.

لەو بابەتەش کە پەیوەندی بە قوڵی بەهایی جیهانی سروشتییەوە هەیە و سەرەڕای ئەو سوودە زۆرانەی کە بۆ مرۆڤ هەیەتی، لە نیوەی ئەو وڵاتانەی کە ڕاپرسییەکەیان تێداکرا (دانیمارک و شانشینی یەکگرتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکان) بێباوەڕەکان و نموونەکانی تر بە گشتی ڕێژەی هاوڕاییان لەگەڵ ئەمە نزیکی یەکسان و وەکوو یەک بوو. لەنیوەکەی تر (بەڕازیل و چین و ژاپۆن) بێباوەڕان کەمتر هاوڕابوون لەگەڵ ئەم بڕگەیە ئەویش بەڕێژەی ٨٢٪ بەرامبەر ٨٩٪ لە بەڕازیل، ڕێژەی ٧٧٪ بەرامبەر ٩٣٪ لە چین، ڕێژەی ٥٥٪ تا ٧٩٪ لە ژاپۆن. سەرەڕای ئەمەش زۆربەی بەژداربووان لەو وڵاتانە و هەر دوو نمونانەش هاوڕان لەگەڵ ئەو بڕگەیەی کە جەخت لە بوونی بۆماوەییانەی بەهای جیهانی سروشتی دەکاتەوە.

بەپێچەوانەوەش ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت "کۆمەڵگە بەپێی تێپەڕبوونی کات خۆی چاک دەبێت" ڕێژەیەکی زۆر جیاوازی بۆچوون دەردەخات لەوڵاتەکاندا. لە ژاپۆن تەنها ١٣٪ بێباوەڕەکان هاوڕابوون لەگەڵ ئەمەدا، و ٢١٪ یش لە خەڵکی ئاسایی. هێڵکارییەکانی چین یەکجار جیاوازن بەڕێژەی ٦٩٪ بێباوەڕەکان و ٨٣٪ خەڵکی بە گشتی

## ٣.٢_ پێنج لە گرینگترین "بەهاکان" لەلایەن بێباوەڕان و نازانمگەراکان و دانیشتووان بە گشتی




کاتێک بابەتەکە دۆزینەوەی مانایە لە جیهان و لە ژیانی تایبەتی خۆتدا، کام لەمانە گرنگترینن بەلای تۆوە؟

تکایە پێنج لە گرنگترینیان هەڵبژێرە.

هەروەکوو لە هێڵکاری 2.4 بینیمان، زۆرینەی بێباوەڕەکان هاوڕانین لەگەڵ ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت "گەردوون بە تەواوی بێ مانایە" ئەمەش مایەی پرسیارە کە چی وادەکات ئەم گەردوونە مانا و نرخێکی هەبێت بۆ بێباوەڕەکان وە تا چ ئاستێک دەکرێت پێچەوانەی خەڵکی بن بە گشتی.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لیستێکمان دا بە بەژداربووان کە ٤٣ بڕگە و وشەی کورتی لەخۆگرتبوو وەکوو : جوانی، هونەر، خێزان، خۆشەویستی، سروشت، دادپەروەری، هەماهەنگی شتەکان، هێزێکی سەرووتر،..... هیتد. (تکایە دیاری بکە)

داوایان لێکرا پێنج گرنگترین شت هەڵبژێرن کە مانا دەدەن بەم جیهانە و بە ژیانی تایبەتیمان. هەرچەندە هەر یەک لە هەڵبژاردنەکان بەلایەنی کەمەوە کەسێک لە یەکیک لەو وڵاتانەدا هەڵیبژاردووە، بەڵام بەگشتی هاوشێوەییەکی زۆر هەیە لە نێوان نموونەکاندا لە هەر شەش وڵاتەکە. لە نێوان ٤٣ هەڵبژاردن تەنها ١٤ هەڵبژاردن توانیان بگەنە لیستی ٥ گرنگترین شت لە هەریەکێک لەو ٦ وڵاتە لەنێوان بێباوەڕ یان خەڵکی بەگشتیدا.

لە وێنەی 3.2 هاوشێوە و یەکسانییەکی زۆر دەبینین لەنێوان بێباوەڕان و خەڵکی بە گشتی لەو پرسیارەی کە دەڵێت 'چی وادەکات ژیان مانای هەبێت؟'. (خێزان) زۆرترین جار هەڵبژێردرابوو لە نێوان خەڵکی ئاسایی. لە نێوان بێباوڕانیشدا لە کۆی ٦ وڵات لە چواریان (خێزان) زۆرترین جار هەکبژێردرابوو، بەڵام ئەو دوو وڵاتەی کە تیایدا پلەی دووەمی وەرگرت بریتی بوو لە (بەڕازیل و چین). هەروەها (ئازادی)ش بەڕێژەیەکی زۆر هەڵبژێردرا لە سەرجەم وڵاتەکاندا، زۆرترینیان لەلایەن بێباوەڕە (چینی و بەڕازیلی)یەکان بوو هەروەها لە زۆربەی وڵاتەکانی تر بە پلەی دووەم هات.

بابەتەکانی تر کە زۆرترین هەڵبژاردنیان هەبوو، بریتیبوون لە (بەزەیی، ڕاستی، سروشت، زانست، هاوڕێیەتی، یەکسانی).